بەرپرسێکی یەکێتی ئەندامانی یەکێتی چەواشە دەکات لە هۆڵندا ،،،،هاوڕێ نوری،،،،

هەندێجار بەبێ ویستی من ڕوداوەکان ڕوو لە کەناری نابەدڵ دەکەن . ئەگەر چی من هەنگاوەکانم بە ئاڕاستەیەکی بێ خەوش هەڵدەنێم،مەخابن لە جێگایەکیترەوە ئاڕاستەکە دەگۆڕن. ئەو قۆرتانەی مەبەستداران دروستی دەکەن لە بازی ئیگنۆر گەورەترن و ناچارم بەشێ لە کاتە زێڕینەکانی تێکۆشان بۆ تەختکردنیان تەرخانکەم. ئەم نەخشە قێزەونەی گەندەڵەکان هەرچەندە ماندوم دەکات بەڵام زیاتر باوەڕم بە تێکۆشان دەچەسپێنێت.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی یەکێتی، کە ڕیفۆمیستەکان هەم بە هەڵەی خۆیان و هەم بەفێڵی بەرامبەر توشی ئەو شکستە گەورەیە هاتن ،من یەکێکم لەو کەسانەی کە لەخەمی هەڵگیرسانەوەی چرای ڕیفۆرمم هەر زوو بڕیارمدا واز لە بەشێکی ژیانی تایبەتی خۆم بێنم و زوربەی کاتەکانم تەرخانکەم بۆ ئەو مەبەستە . هەمان دەم کەسانیتریش زۆربون کە ڕوو لە هەمان ئاسۆ بون،ئیتر خەمی داڕزینی یەکێتی ڕایکێشاین بۆ ناو گفتوگۆ ،گفتوگۆکانیش بزوتنەوەی ڕابوونی لێکەوتەوە.

زەمینەی بابەتی بۆ بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی ئەوەندە لەبار بوو ، پزیسکی ڕابوون زۆر زوو کڵپەی کرد بزوتنەوەی ڕابوون لە سەرەتاوە بە ڕونی ئامانجی خۆی نیشاندا کە سەر بە هیچ دەستەو تاقمێک نیەو دژی هیچ تاک و کۆمەڵێکیش نیە ،بەڵکو بزوتنەوەیەکی چاکسازیە بۆ چارەسەری ئەو گەندەڵیەی کە کەس نکۆڵی لێناکات و هەوڵ ئەدات بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزانەی کەوتونەتە ناو ڕیزەکانی یەکێتی . بەڵام ئەوانەی کە بەرژەوەندیان لە درێژە کێشانی ئەو ڕەوشەدایە هەرزو کێچ کەوتە کەوڵیان و ئارامیان لێهەڵگیرا و نیازو دەمی ژاراویان خستە گەڕ بۆ درۆ هەڵبەستن و ناوزڕاندنی خەمخۆرانی یەکێتی. لێرەو لەوێ چەندی بۆیانکرابێت هەوڵیانداوە کەشتی بەرژەوندخوازیان بەچارۆکەی چەواشەکاری ئاڕاستە بکەن.

هەر لەم نزیکانە لە کۆبەنەوەیەکدا لە شارێکی هۆڵندا گەندەڵێک کەخاوەنی پۆستێکە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیدا ئەو جۆرە پۆستە وجودی نیە و تەنها بۆ مەرامی کیتلەگەری دانراوە،زۆر نامەردانە هێرشی کردۆتە سەر من،ئەوکە خاوەنی کۆمەڵێ(ش) ە جگە لە ش ی شەرم و شەریف منی وەک پیاوی نەوشیروان ناوهێناوە و لانی کەم نەی گوتوە لە تاقمی نەوشیروانە.

لە ناخەوە ئازارم پێدەگات کە دەبینم یەکێتی ئەوەندە زانیاری لەسەر ئەندامەکانی خۆی نەبێت کە لە کاتی پێویست بتوانێت هەڵسەنگاندنی لەسەر بکات.

لەڕاستیدا بۆ من گرنگ نیە ئەو گەندەڵەو نمونەکانی ئەو چۆن سەری بێ دەماخی خۆیان لە هەرکوێ بدەن ،ئەوەی بۆمن گرنگە و پاڵی نام بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە هاوبیرو هاوخەباتەکانمە کە لەو جۆرە درۆو هەوڵە نەزۆکانە ئاگاداریان بکەمەوە.

ئەگەرچی منیش وەک زورێک لە ئەندامانی کۆمەڵە ڕۆژانێک نەوشیروان مستەفام لا میراتگری شەهید ئارام بوە ،بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت کە من و هاوڕێکانیتری وەک من هەڵەین.

ساڵی 1986 ئەوکاتەی من عەدەد جیهازی تیپی31ی سلێمانی بومو لە سنگرومێولاکە بوین،نزیکی دوو

مانگێک مام جەلال چوە دەرەوەی وڵات و کاک نەوشیروان سەرپەرشتی یەکێتی دەکرد،بە درێژایی ئەو ماوەیە کاک نەوشیروان پرسیارێکی لێ نەکردین هەرچەندە ئەوکاتەشەڕ نەبو بەڵام شوێنەکەی ئێمە هێڵی پێشەوەڕوبەڕوبونەوە بو لە گەڵ حکومەتی عیراق.
سەیر ئەوەبو ئەو شەوەی مام جەلال گەڕایەوە کاک نەوشیروان هات بۆ لامان بۆ جەبهەکە،ئیتر من لەو کاتەوە ئەو پرسیارەم لا دروست بو  بۆ ئەم شەو؟؟؟؟؟
لەدوای ئەنفال لە قاسمە ڕەش کۆبونەوەیەکی بە عەدەد جیهازەکان کرد ،لەو کۆبونەوەیەدا برادەرێکمان بەناوی کۆچەر  هەندێ کەموکوڕی باسکرد ،نەوشیروان مستەفا بە جۆرێ چو بە گژیا و توڕە بو ووتی درۆ ئەکەیت وانیە،کە ڕەنگە تاڵەبانیش هەروا لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی توڕە ببێت لە کۆبونەوەکاندا هەروەک لە نامە کەی کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەت وکۆمەڵێک ئەندامی سەرکردایەتیدا ئیمزای لەسەر کرابوو  ،کە ئاڕاستەی مام جەلالیان کرد.
کۆمەڵە 80% ی پێکهاتەی یەکێتی بوو ،وە هەروەها دەنگی دلێری ناو یەکێتیش بوو ،نەوشیروان مستەفا بچوکی کردەوەو لەناو یەکێتیدا تواندیوە .ئەوە تاوانێکە تەنها دادگا دەتوانێت نرخەکەی دیاری کات.
ئەو هەڵەیەی کە نەوشیروان مستەفا کردویەتی لە کاتی ڕاپەڕیندا ،کاتێ مەسعود بارزانی بروسکەی بۆ دەکات وداوا دەکات بە پێشمەرگەکانی یەکێتی بڵێت سەریرەش تەسلیمی پارتی بکەن بە بیانوی ئەوەی دایکی دەیەوێت لەوێ دانیشێت و ئەویش بە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەڵێت سەریرەش بۆ پارتی چۆڵکەن گوناهێکیتری نەوشیروان مستەفایە کە تا ئێستاش پارتی پێکی ئەو سەرکەوتنە ژیرانەیە هەڵئەدات و یەکێتیش ژەهری ئەو کاڵفامیە ئەنۆشێت ، دەبو ئەوکاتە یەکێتی سەرکردایەتی ببردایەتە سەری ڕەش نەک قەلاچوالان.تا پێگەی خۆی لەوێوە فراوان بکات،بەڵام بەداخەوە پارتی ئەوەی کرد.
بونی نەوشیروان مستەفا بە سکرتێری کۆمەڵە لە کاتێکدا خۆی دەڵێت ئەو ئەوکاتە( ئەندامی کۆمەڵە نەبوە) مەگەر هەر خۆیو تاڵەبانی  بزانن چۆنکراوە و چەند پرسیاری بێ وەڵامی بەدواوەیە.
ئەوەی لەسەرەوە وترا هەموی بۆ ئەوە بو کە ئیتر کەس گوێ لە درۆو دەلەسەی چەواشە کاران نەگرێت و منیش هیچ پەیوەندیەکم بە نەوشیروان مستەفاوە نیەو باوەڕیشم بەوە نیە کە ئەو بتوانێت هیچ گۆڕانێک بکات و پێشتریش ئەوەم بە ڕاشکاوانە وتوە، لە کۆبونەوەی  رۆژی 29-11-2006ی پیشمەرگە دێرینەکان لە لەندەن  لەبەردەمی نزیکەی 100پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی ووتم ئەو برادەرانەی سلیمانی چارەنوسیان نادیارە و ڕۆژێک شوانەکەیان بەجێیان دێڵێ و بە گورگان خواردنیان ئەدات ،بەڵێ هەرواش دەرچو مانگێکی نەخایاند کاک نەوشیروان دوا فیشەکی نا بە سەری سیاسی خۆیەوەو یەکێتی بەجێهێشت و هەمو ئەوتێکۆشەرانەی کە چاویان لێدەکرد ڕیفۆرمیان بۆ بکات هەناسە ساردو نائومێد بەجێهێشت.
ئیتر چۆن دەکرێت چ من و چ خەڵکانێکیتر خۆمان بدەینە دەست چارەنوسی نادیار؟؟؟ئیتر با درۆ بەس بێتو ڕوی ڕەشتان لەوە ڕەشتر مەکەن.

به پێویستیشی دەزانم بڵێم ئەی ئەو کەسانەی ئەو جۆرەچەواشەکاری و درۆیانە دەکەن بەو هەمو بێ بڕواییەشمەوە بە نەوشیروان مستەفا هێشتا ئێوەو هەمو گەندەڵەکانی وەک ئێوە لە ڕوی مۆراڵەوە بە قولەپێی نەوشیروان مستەفا ناگەن.

2007-2-17